# برا بەردینەکان

عەبدولقادر سەعید – سلێمانی

ئەو تەمەنی بابردەڵەی
پاسەوانی گوندی یاخی و لوتکە شاخی سەرەڕۆ بوو
لە کەندڕی قەد پاڵێکدا تەمەنی جوانی بەجێما
ڕەشەبای شاخ چرای گەشی چاوەکانی کوژاندەوە
ئێستا پیرەمێردێکی ریش سپی پشت کۆماوەی
کروشکە کردووی ئێوارانی چاخانەیەکی باشورە
سەری پرە لە سەرگوزشتەی بەردین و
دڵی پرە لە کوڕوزانەوەی منال و
دەستی پرە لە قژی ئاڵۆسکاوی ژن
لەو چیرۆکانەی دیونی و لەو چیرۆکانەی بیستوونی.....
درەنگانیٚ بەرلەوەی وادەی مزگەوت بیٚ و
چایچی دەرگای چاخانە سیخناخەکەی خۆی دابخا
دەکەوێتە گێرانەوەی چەند چیرۆکێکی بەتام و
چاو دەبڕێتە دەموچاوە تامەزرۆکانی خەڵك و خوا

## (ئێوارەی یەکەم)

ساڵ بەهارێکی درەنگ بوو
یەکەمجاربوو بەفرو شاخ و کورد ببینم
هەستم ئەکرد قسەی جنۆکە تێکەڵە
بەزبانی ساناو پاراوو شیرینم
دەمەو ئێوارە گەیشتین
بەیانی زوو پەلاماری چەند گوندێکی نوستومان دا
نێرومێمان هەڵاوێردکرد
کوڕگەلی دیٚ و کچگەلی دیٚ و
منالانمان جیاکردەوە
ئەوەی لەو ڕۆژەم بیرمابیٚ
لەوکاتەدا هەر بۆ خۆشی
لەسەر قروسکەی تولەیەك
لالانەوەی پیرەمێردێك
لەسەر ئەڵقەی پەنجەی کچیٚ
کراسی ئاودامانی ژنیٚ
کەڵەمستەمان ئەکردو گرەومان لەیەك ئەبردەوە.

## (ئێوارەی دووەم)

ئەو رۆژە پێکەنینیانەم بیر ناچێت
هەرکە زرێپۆشەکانمان بەناو دێدا کەوتنە سەما
ترس گەڵای پەلوپۆی گشت درەختەکانی هەڵوەراند
پەلەوەری دێ بەدەنوك شاباڵی خۆیان هەڵکێشا
بەهێمای پەنجەیەکی گەورەکەمان
گوندی تۆقیو بو بەدوکەڵ و سوتوو
لە ناو لرفەو دوکەڵی هاژەکردوودا
چاومان لێبوو پۆل پۆل کچانی هەڵوەدا
تا جوانیان بشارنەوە بەهەردوودەست بە پەلەپەل
زوخاوی گوندی سوتاویان
لەگەردن و دەموچاوی لۆکەیی خۆیان هەڵدەسوو

## (ئێوارەی سێهەم)

زۆربەمان هاوشاریی یەك بووین
هەموو برای دینی و گۆشکراوی
یەك زمان و
یەك قورئان و
یەك لایلایەو
کوڕوکاڵی یەك دەڤەر بووین
ماڵمان لە سەر لوتکەی شاخ بوو
تەنیا چیای سەر بەهەور هاوسێمان بوو
وێرانە خاك نەیدەناسین
هەر رەشەبا دیاری تەرزەی بۆ دەهێنایین
جارێ بەباران دەیشتین
جارێ بێری سەری هەمووانی دەرفاندو
تورەش بوایە پەڵەبەفری چیایەکی
بەرزتری تێ دەگرتین
ئێمە شەوان بەدەم باسوق خواردنەوەپاڵ دەکەوتین و چەند کوردێ
خەڵکی گوندە سوتاوەکەی تەنیشتمان
تابەیانی پاسەوان بوون
گۆرانیان بۆ جوانی باڵای ژنی کوردو
تامی ژنی کوردستانیان بۆ دەوتین

## (ئێوارەی چوارەم)

ئەم ئێوارەیە بەتەنها هەر
پیاوی سەر کورسیە لەرزۆکەکەی
دوێنێ و پێرێ و بەسر پێرێی لێ نەبوو
شەقام چۆڵ و هۆڵ هەڵگەرا
شەو دائەهات و بەسەرهات سەرەتابوو
ئەوەی ئەوێ و ئەوەی ئێرەو ئەوانیش گشت
تامەزرۆبوون شەو نەڕوات و چیرۆکەکان بگێرنەوە
چونکە بیرەوەری هەر یەکێکیان
بۆ چەند ساڵێ
چەند وەرزێ
چەند هەفتەیە چەند رۆژێ
راوچییەك بوون دەست بە چەقۆ، دەم بە نەفرەت، تفەنگ لە شان
بەدوای نێچیری پێشمەرگە
یان ژنێکی برا یاخی
یا قەڵەمێکی زیتەڵە ـــ یان
راوکردنی کچێکی جوان